# رەخنە زۆرەو کەسیش گوێ ناگرێ‌ودادگایەکی سەربەخۆشمان نییە

## جەمال پیرە

مەگەر دەسەلاتە تۆتالیتێرەکان ئەگینا هیچ دەسەلاتێك‌و دام‌ودەزگایەکی حکومیی لە دنیادا بەقەد هەندێ لە دام‌ودەزگاکانی کوردستان کەم‌و کوڕیی نییەو قسەی لەسەر نەبێ، ئامارێکی بێخەوشم لەبەردەستدا نییە ئەگینا دڵنیام لەوەی کە زۆرینەیەکی یەکجار لە خەڵکی کوردستان لەدەست نادادپەروەریی دەسەلاتە لۆکاڵییەکانی هەندێ شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا دەناڵێنن، باوەڕ ناکەم جگە لەو کەسانەی کە خۆیان بەشدارن‌و سودمەندن لە پێشێلکارییەکان کەسێك هەبێ لەو کوردستانە ئازادەی خۆماندا دنیایەك گلەیی نەبێ، بێزار نەبێ، سەراسیمەو بێهیوا نەبێ!! لە راستیدا خەریکە بگەمە ئەو بڕوایەی کە ئیدی جگە لە بە پێشمەرگەبوونێکی تر، لە بیرکردنەوەی شێوازێکی تری بەرەنگاریی دژی داپلۆسین‌ونادادپەروەرییی ئەو سیستمە نەگۆڕەی حوکمڕانیکردنی کوردستان‌و لە پێناو ریفۆرم لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا هیچ رێگەیەو میتۆدێکی تر نەماوە خەڵکی بێدەسەلات بیگرێتە بەر، لە مەملەکەتێکی وەك مەملەکەتە ماندووەکەی کوردستاندا هەر کەسێ رۆژێ لە رۆژان توانیبێتی دوو وشەی رەخنەئامێزانە بنوسێ دڵنیام دژی ئەو لاریی‌و بەدحالیبوونەی کەسانی ناشیاوو هەلپەرست بووە لە مافی هاولاتیبوون‌و رێزگرتن لە ئەوی دی، بەلاَم لێرەدا پێش ئەوەی بخزێمە ناو باسە سەرکییەکەم بە پێویستی دەزانم بە کورتی باس لە پێکهاتەو مەدای بیرکردنەوەی‌رەخنەو رەخنەگری کورد بکەم، بەدرێژایی مێژووی نووسینی کوردیی رۆحییەتی رەخنە رۆحییەتێکی زیندوو بووە، رەخنە بە مانا سەرەتاییەکەی وەك کایەو رەگەزێکی ئەدەبیی بەردەوام لەناو نووسینی کوردیدا ئامادەیی هەبووە، بەلاَم ئامادەییەکە ئامادەییەکی تۆکمەونزیك لە پرەنسیپە زانستییەکانی رەخنە نەبووە ، بێگومان بۆ ئەمەش فاکتەری جیا جیا هەبوون، رەنگە بەشێکی گەورەی لەبەر نالەباری دۆخی سیاسیی بێت، بەشێکیان تەمەڵی نووسەری کورد خۆی بووە لەبەدواداچون‌و شارەزایی لە میتۆدەکانی رەخنە، لە راستیدا بەبێ دەرخستنی ئاراستەی کارو بیرکردنەوەی رەخنەگری کورد کە لێکۆڵینەوەیە لە لایەنی سایکۆلۆژیی کەسی رەخنەگر، هەرگیز ناتوانین لێرەوە قسە لە رەخنەی کوردیی بکەین، هەڵبەتە نەبوونی بەرنامەو پرۆگرامێکی خەمخۆرانە بۆ ئایندەی رەخنەی کوردیی ترسناکترین حاڵەت دەداتە فەزای فیکریی‌و رۆشنبیریی کوردیی، دیارە ئەگەر بێینەوە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان گومانمان لەوە نابێ کە وێڕای بالاَدەستی کەسانێکی ناشیاو لە نێو دام‌ودەزگاحکومییەکاندا کەسانێکی شیاوو لێهاتووش هەن بە هەقی خۆیان لە شوێنەکەی خۆیانن‌و ئەوەندەی بۆیان دەکرێت خزمەتی خەڵك دەکەن‌و لە هەوڵی بەردەوامیی خزمەتکردن دان بەلاَم ئەوەی لێرەدا بە پلەی یەك مەبەستمە دەربڕینی ئەو نەفەس‌و فرەیزە ترسناکەیە کە لە راستیدا پڕ بە دڵ حەز ناکەم دەریببڕم ئەویش دابەشبوونی دوو ئیرادەیە لە نێو بەڕێوەبەرانی دام‌ودەزگاکاندا، ئیرادەیەکیان هی ئەوانەن کە پسپۆڕێتی خۆیان گەیاندوویانەتە شوێنەکەی خۆیان کە من پێموایە بەرە بەرە لەکەمبوونەودایە، ئیرادەی دووهەمیان هی کەسانی ناشیاوە کە لەسەر پشتی بارودۆخ‌و زروفێکدا گەیشتوونەتە کورسیەکەیان‌و هیچ هێزێك ناتوانێ لێیبپێچێتەوە،مەگەر لە ئیمزا حیزبیبوونەکەی خۆی پەشیمان بوو بێتەوە! هەڵبەتە لەم نووسینەمداو لێرەوە من خەریکە لە ناخەوە بڕیاری ئەوە بدەم کە چیتر شتێك نەنووسم کە کەس گوێم بۆ شل نەکاو حسابی بۆ نەکا!! هەوڵیشمداوە لێرەدا قسە لەسەر کەمتەرخەمییەکان نەکەم‌و ئەم نووسینەم بکەم بە نووسینی دوای رەخنە زۆرو زەبەندەکان مەبەستم لە دوای رەخنە ئەوەیە کە من پێشنیار دەکەم هیچ یەکێ لە برادەران وەکو پێشتر قسە نەکات ئەمەش لەبەر ئەوە نا کە تەسلیم بە ئیرادەی نادادپەروەریی‌و مۆنۆپۆلکەران بێ بەڵکو لەپێناو

**ئەوەی کە بەهەموو لایەکمانەوە دەست بە کەمپینێکی سەرتاسەریی بکەین لە پێناو هاتنە ئاراو دروستکردنی دادگایەکی سەربەخۆ کە تیایدا شوێنی هەموو پێشێلکارێکی تێدا ببێتەوە، هەزاران نوسینو لێکۆڵینەوە لەسەر کەمتەرخەمییەکانی دەسەڵات نوسراوە بەڵام من دڵنیام دووانیان وەکو خۆی کاریان پێنەکراوە، ئەوەی راستی بێ بیبیلۆگرافیایەکمان دەوێ بۆ پێشێلکارییو کەمتەرخەمییەکان، دەکرێ کۆکردنەوەی ئەم پێشێلکارییانە نامەی ئەکادیمیی پلە زانستییەکانی لێبکەوێتەوە، ئەگەر بڕیارە ناوی ئازادیو دیموکراسیی لەتەك ناوی هەموو لایەکمانەوە بێت، هەڵبەتە لە نێو هەر کۆمەڵێکدا گەر رۆحیەتی رەخنە رۆحیەتێکی شلەژاو بوو، رۆحییەتی ژیانو ئیدارەدانیشی شلەژاو دەبێت،دەمرێتو زیندوو دەبێتەوە، زیندوو دەبێتەوە بە کۆڵێ گوناهەوە، لەهەر دەوڵەتو مەملەکەتێکدا دەستورەکەی رەهەندێکی قووڵی جوانیناسییو مرۆدۆستیی نەبێت، نابێو ناکرێ چاوەڕێی ئایندەیەکی بێخەوشی لێبکرێت، ئەوەتا هەر کوێیەکی لاپەڕەکانی ئەم وڵاتەی ئێمە هەڵدەدەیتەوە کۆمەڵێك رستەی هێل بە ژێردا راکێشراو دەبینین بە خەتی سوور، کە نابێو حەرامکراون بخوێنرێنەوە، جا لێرەدا بۆ ئەوەی نەخزێینە نێو قووڵاییی لارییو هەڵو نا لۆژیکییەتی هەنگاوەکانی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەی ئێمە کە من دڵنیام کاتو ساتێکی ئێجگار زۆری دەوێ، بۆ ئەوەی ئاراستەی وتارەکەم بەلای وردەکارییەکانەوە نەبەم کە من دڵنیاترم لێرەدا پێویستیمان بە بەرنامەیەکی تۆکمەو بە ئاگاییەکی تەواو دەبێ شرۆڤەو لێکبدرێنەوە، دێم بەسەریاندا تێدەپەڕمو رووم بۆ لای رەخنەگران خۆیانەوەوەردەگێڕمو لێیان دەپرسم کە لەم وڵاتەی ئێمەدا کە هیچ کەسو لایەنێکی تێدا نەمابێ ئامادەیی گوێ شلکردنی تێدا بێ، کە هیچ کەسێکی تاوانبار بەو قسانەی ئێمە تەڕ نەبێ،چی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە بینوسین؟! ئەگەر هەوڵەکانمان نەکەین بە هەوڵی یاسایی، وەرن با ئاراستەیەکی تر وەرگرین بە کردار کاریگەرتر بێت ، ئاراستەیەك کە جگە لەو روونکردنەوەیەی سەرەوە منیش نازانم چۆنو بە چ وردەکارییەکەوە بێت، بەڵام با وادابنێین پرۆژەیەکی نوێ بێت بۆ هەوڵە رەخنەییەکانمان ئەگەر چی دڵنیام لەوەی کە پێشترو ئێستایش هەوڵی لەم شێوەیە هەبوونو هەن، کە هەڵگری ئەم خواستو ویستو نیازە بوون، بەڵام هەوڵی یەکلایەنەو فەردیی بوون، بەو هیوایەی بتوانین هەوڵەکانمان بکەینە هەمەلایەنەو بە کۆمەڵ,,,,,**

jamalpira@yahoo.com